## لەبودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر

# ١ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دینار بۆ بالیسان تەرخانکراوە




# هاووڵاتیانی دۆڵی بالیسان..

## چاوەڕوانین لەیادی کیمیابارانکردنی بالیسان ئاوڕێک لە پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی ناحیەکەمان بدرێتەوە









لە١٦/٤/١٩٨٧ رژێمی ئەوسای عێراق لەڕێگای بەکارهێنانی هەلیکۆپتەرو فڕۆکەی جەنگیەوە بە چەکی کیمیایی هێرشی کردە سەر دۆڵی بالیسان و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سڤیلی شەهیدو بریندار کرد، لە دوای راپەڕین بەرە بەرە خەڵکەکە چۆتەوە سەر زێدی خۆی و گوندەکانیان ئاوەدانکردۆتەوەو بەکاری کشتوکاڵی و باخداری و مەڕداری خەریکن. ئەمڕۆ بالیسان کە لەساڵی ١٩٩٩ بۆتە ناحیەو (١٥) گوند لەخۆ دەگرێت، ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاتر لە ٥٥٠٠ کەس دەبێت کە بەیەکێك لەو ناحیانەی هەرێمی کوردستان دادەنرێت کە بەهۆی چەندین بارودۆخ و نەبوونی ئیمکانیات لە زۆر خزمەتگوزاری بێبەش بووەو بەپێی پێویست و لەئاست کاولکارییەکەی کارو پرۆژەی بۆ نەکراوە، لەسەردانێکماندا بۆ ناحیەی بالیسان و سنوورەکەی ژمارەیەك هاووڵاتیمان دواند، بە گشتی گلەیی و گازندەیان لە بارەی کەمی ئاویخواردنەوەو خراپی کۆڵان و شەقامەکانی ناو سەنتەری ناحیە و خراپی فڕێدان و کۆکردنەوەی زبڵوخاشاك هەبوو کە لەدووتوێی ئەم راپۆرتەدا دەیخەینەڕوو.


سەرەتا هاووڵاتی عەبدولسەلام رەسول ئاماژەی بەوەدا ئەو خانووانەی بۆ شەهیدانی جینۆسایدی بالیسان کراوە جگە لەوەی لەوادەی خۆی دواکەوتووە کەموکوڕی لە بینایەی خانووەکان زۆرە و هیچ خزمەتگوزارییەکی وەکو ئاو و ئاوەڕۆ و دانانی تۆڕی دابەشکردنی کارەباو قوتابخانەو قیرتاوو کۆنکرێتی شەقامەکانیان بۆ جێبەجێ نەکراوە، لەرووی پێداویستیەکانی کەرتی پەروەردەشەوە ئەو هاووڵاتییە وتی: بالیسان ژمارەی قوتابییەکانی زۆرە و بینایەی قوتابخانەکانی کەمە هەر بۆیە پێویستیمان بە بینایەی قوتابخانەی نوێ هەیە، لەلایەکی ترەوە ئاوی خواردنەوە یەکێکە لە کێشەکانی دیکەمان کە رۆژانە تەنیا یەك کاتژمێر ئاومان پێ دەدەن.

هەر سەبارەت بەکەرتی پەروەردە و لەبارەی کەموکوڕی کێشەکانەوە سەرنجی چەند قوتابییەکمان وەرگرت لەوانە سەیفوڵا ئەحمەد کە ئاماژەی بەکەموکوڕییەکانی بواری خزمەتگوزاریی ناو قوتابخانەکان کرد، ئەوەشی



ڕوونکـــردەوە کە پەرتووکەکانیـــان زۆر پەڕپووت و دڕاون و بینایەی قوتابخانەکەیان کۆنەو پێویســـتی بە نۆژەنکردنەوەو بەرفرەوانکـــردن هەیـــە، هـــاوکات مامۆســـتایەك بەناوی عەبدوڵا وتی: قوتابخانەی بالیســـانی کۆن ماوەی ٢٢ساڵە دروســـتکراوە و پێویســـتی بە نۆژەنکردنەوە هەیە و خەڵکی ناحیەکەشـــمان دامەزراندنی بۆ نەکراوە. هەروەها هاووڵاتی دلێـــر ئیبراهیم ئاماژەی بەوەکرد کە تۆڕی دابەشـــکردنی کارەباکەیان بەپێی پێویســـت نییە و هەندێ لە ستوونەکانی کارەبا بە بۆری ئاویخواردنەوە دروستکراوەو مەرجی هونەری و سەلامەتی تێدا نییە و ڤۆڵتیەی کارەباکەشمان زۆر نزمە. ئەمەو لەرووی کۆڵان و شەقامەکانیشـــەوە گلەیی و ڕەخنە هەبوو بەوەی زۆربەی کۆڵانەکانیان بێ سەروبەرەو کۆنکرێت یا قیرتاوکردنیان پێویســـتە هەر وەکو ئەم ڕێگا سەرەکییەی کە لە خوار خانووەکانی شـــەهیدان بەرەو سەنتەری ناحیەکە دەڕوات و هاتوچۆیەکی زۆری لەســـەرە، سەبارەت بە کارو خزمەتگوزارییەکانی شـــارەوانیش هاووڵاتی ئەحمەد عەزیز





وتی: بۆ پاککردنەوەی ناو شـــار پێویستیمان بە ئامێرێکی کەپس هەیە، هەروەها کێشەی زەوی و زارو نەبوونی تاپۆی خانـــووەکان و قەرەبووکردنەوەی ئـــەو زەوییانەمان هەیە کە پرۆژەی لەسەر دروســـت کراوە. هاووڵاتی محەمەد خالید تەئکیدی لەوەکردەوە کە دامەزراندن بۆ ناحیەکەیان ڕێژەیەکی زۆر کەمە و یەکێکی وەکـــو ئەو کە دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی بەشـــی ڕووپێـــوە بە وانەبێژی و گرێبەســـت لە قوتابخانەی بنەڕەتییەکەی ناو سەنتەری شارۆچکەکە وانە دەڵێتەوە. لەســـەر کەموکوڕی و خراپی شەقام کۆڵانەکانی ناحیەکـــە هاووڵاتییەك بەنـــاوی ســـەلمان حەمەد وتی: شەقامی ســـەرەکی بالیســـانی کۆن زۆر نارێك و تەسکە پێویســـتە شـــوێنی جۆگەلەکان ببەنە پاش تاوەکو شەقامە ســـەرەکیەکە فراوان بکرێت، هەروەها مشورێکی دواکەوتنی پرۆژەی دووسایدی سەرەکی دەروازەی ناحیەکە بخورێت کە لەوادەی خۆی دواکەوتووە. بەشێوەیەکی گشتی هاووڵاتیان لەچاوەڕوانی ئەوەدان لەیادی کیمیابارنکردنی دۆڵی بالیسان حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕێکی جدی لەپرۆژەو کارە خزمەتگوزارییەکانی ناحیەکەو سنوورەکە بداتەوە.





ســـالح ئەکرەم بەڕێوەبەری ناحیەی بالیســـان لـــە وەڵامی چەند پرســـیارێکی (گـــوڵان) دا باســـی لـــە هۆکارەکانـــی گرفتی خزمەتگـــوزاری و نەبوونـــی پرۆژەی گرنگ و پێویســـت کرد، هەروەهـــا ڕیزبەندی گرنگترین ئەو پرۆژانەی خســـتەڕوو کە بۆ ئەمســـاڵ بۆ ناحیەکەیان و دۆڵی بالیسان جێبەجێ دەکرێت، لەم ڕووەوە پێی ڕاگەیاندین:( ناحیەی بالیســـان ســـاڵانە پرۆژەی بۆ جێبەجێ دەکرێت، بەڵام پێداویستی و خواستی خەڵکەکەی لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەو گەشـــەی کۆمەڵایەتـــی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەبێـــت، بۆ نموونە توانرا لە ٩٩٪ی گرفتی دابینکردنی کارەبای سنوورەکە چارەسەر بکرێت بەڵام گرفتی ڤۆڵتیە ماوەو بەپێی وتەی بەڕێوەبەری ناحیەکەیان دۆڵی بالیسان پێویستی بەوێستگەیەکی مۆبایلە، هاوکات گەرچی توانـــرا پرۆژەیەکی ئاویخواردنەوە بۆ ناحیەکە ئەنجام بدرێت، بەڵام هێشـــتا گرفتـــی ئاویخواردنەوەیان هەیە بۆ چارەســـەرکردنی ئەم گرفتەش بڕی ٤٥٠ ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ لێدانی ٢ بیری ئاویخواردنەوە تاوەکو ئەو ئەمبارەی بۆ گلدانەوەی ئاویخواردنەوە دروستکراوە زووتر پڕ بێت . هەروەها بۆ چارەســـەرکردنی گرفتی ئاویخواردنەوە لە گوندەکانی دەراش و خوران و کەندە ســـورو میراوەی نوێ بیری ئاویخواردنەوەیان بۆ لێدەدرێت. سەبارەت بەبودجەی تەرخانکراوی ئەمساڵ بۆ بالیسان بەڕێوەبەری ناحیەیەکە وتی: ئەمســـاڵ لەبودجـــەی پەرەپێدانی پارێـــزگای هەولێر ١ ملیـــارو ٥٠٠ ملیۆن دینـــار بۆ ناحیەی بالیســـان و ســـنوورەکە تەرخانکراوە لە بودجەی پێترۆ دۆلاریش بەرنامەو پرۆژەکان ڕیزبەندی بۆ دانراوە کە چارەسەرکردنی گرفتی ئاویخواردنەوە و پرۆژەکانـــی ئاودێری لە گوندەکان و پرۆژەکانی خزمەتگوزاری شارەوانی لەڕیزبەندی پێشەوەی کارەکانی ئەمساڵ دێت، هاوکات بـــڕە پارەیەك بۆ دروســـتکردنی نهۆمی دووەمی بینایەی ناحیەکـــە تەرخانکراوە. گلەیی و ڕەخنەی زۆریشـــیان لەســـەرجەم وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە کە کەمتریـــن کارو پرۆژەیان بۆ ناوچەکە ئەنجـــام داوە. بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان تیشکی خستەسەر پرۆژەکانی شارەوانی و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی گوندەکان و لەمبارەیەوە وتی: لەساڵی ٢٠١٢ پرۆژەکانی شـــەقام و شۆســـتەی گەڕەکەکانی بالیسانی خواروو دەستی پێکردووە، شەقامی جووت سایدەکەی دەروازەوە تا سەنتەری

بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان بۆ(گوڵان):

# خانووەکانی شەهیدانی جینۆسایدی بالیسان دابەش ناکرێت

## تا کەموکوڕییەکان چارەسەر نەکرێت و خزمەتگوزاریان بۆ دابین نەکرێت

**لە بودجەی ٢٠١٣ بەبڕی ٢٥٠ ملیۆن دینار پرۆژەی رووناککردنەوەی جووت سایدەکەی بالیسان جێبەجێ دەکرێت**

**داوا لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین ئەو ٦٣ بریندارەی بالیسان وەکو شوێنەکانی تری کوردستان مینحەو مووچەیان بدرێتێ**

**هۆڵی لەدایکبوون لەنەخۆشخانەی بالیسان ئامادەیە تاوەکو چیتر دایکانی دووگیان لەو ناحیەیە روو لەناوچەکانی تر نەکەن**

ناحیەکە قۆناغی باشی بڕیوە، راگرتنی کارەکانی ئەم پرۆژەیەش بۆ بەفربارین و بارانی ئەمساڵ دەگەڕێتەوە، لە بودجەی ٢٠١٣ بەبڕی ٢٥٠ ملیۆن دینار پرۆژەی رووناککردنەوەی جووت سایدەکە جێبەجێ دەکرێت، بۆ ڕێگای توتمەش بەدرێژیی ٢ کیلۆمەتر پارە تەرخانکراوە. بەجووت سایدکردنی ڕێگای سەرەکی بالیسان کارێکی زۆر پێویستە، چونکە رۆژانە ٦٠٠ قەلاب و لۆریی بارهەڵگر بەم ڕێگایە هاتوچۆ دەکەن و ڕێگاکە بەپێگەی گەیاندنی بادینان و هەریرو سۆران و بارزان و ناوچەی بێتوین و پشدەر دادەنرێت. لەرووی پاکوخاوێنکردنی ناحیەکەو چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاك کێشەو گرفتمان هەیەو وەکو پێویست بەو بەرنامەو سیستەمە کۆنە ناتوانرێت لەکارەکان سەرکەوتوو بین، لەناو هەموو سنووری پارێزگای هەولێر و شەقڵاوە لەلایەن کەرتی تایبەت کاری پاککردنەوەی زبڵ و خاشاك بەڕێوە دەچێت و تەنیا لەناحیەی بالیسان نەبێت، هاوکات پێویستیمان بەئامێری پاککەرەوەو ئۆتۆمبێلی کەپس هەیە. لەلایەکی ترەوە بۆ بالیسانی کۆن نووسراوم بۆ نۆژەنکردنەوەی کردووە لەگەڵ ئەمەش دا سەرجەم کۆڵانەکانی بالیسانی کۆن کۆنکرێت کراون داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم مشورێکی نۆژەنکردنەوەی خانووە کۆنەکان لەسەر شێوازی کۆن بخوات، چونکە سیمایەکی مێژوویی کۆنی لەخەبات و بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان هەیە. لەوەڵامی رەخنەو داواکاریی هاوڵاتیانیش بۆ تاپۆکردنی خانووەکانیان بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان ئەوەی پشتڕاست کردەوە کەوا نەبوونی تاپۆی خانووەکان گرفتی بۆ ئەوانیش دروستکردووە، بڕیاڕی تاپۆکردنی خانووەکانیش بە پرۆسەیەکی ئاسان تێپەڕ دەبێت و کاری کوژانەوەی زەوی لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەوێت و دواتر بخرێنە سەر وەزارەتی دادو شارەوانی و بۆ شوێنی نیشتەجێبوون و پرۆژەی خزمەتگوزاری بەکار بهێنرێت، لەگەڵ تەواوبوونی ماستەرپلانی بالیسان زۆر پێویستمان بە جێبەجێکردنی پرۆسەی کوژانەوەی زەویی و قەرەبووکردنەوەی جوتیاران و تاپۆکردنی خانووەکان هەیە.

لەگوندەکانیش پرۆژەکانی ئاویخواردنەوەو راکێشانی کارەباو دروستکردنی بینایەی قوتابخانەکان و ڕێگاوبان دروستکراوە، بەڵام هەندێك پرۆژە لەگوندەکان پێویستی بەنۆژەنکردنەوە هەیە. لەرووی پرۆژەکانی ئاودێریشەوە لەساڵانی رابردوو لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا چەندین پرۆژە ئەنجامدراوە جێی داخە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو یەك پرۆژەی ئاودێری بۆ ئەنجام نەداوین.

سەبارەت بەوەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان چی بۆ شەهیدان و بریندارانی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان کراوە، بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان گوتی: حکومەتی هەرێمی کوردستان موچەی بۆ شەهیدانی کیمیابارانەکە بڕیوەتەوە، وەکو شەهیدی سەنگەر هەژمارکراون، بریندارەکانیش بە وەجبە بەپێی کاریگەری کیمیایەکە بۆ چارەسەرکردن ڕەوانەی کۆماری ئیسلامی ئێران و دەرەوەی وڵات کراون. بەڵام پرۆژەی دروستکردنی ١٥٠ خانوو بۆ شەهیدانی جینۆسایدی بالیسان کە لەوادەی خۆی دواکەوتووە، کەموکوڕی لەخانووەکان و خزمەتگوزارییەکان زۆرە هەربۆیە بڕیاردراوە ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت ئەو کات خانووەکان دابەش بکرێت. بڕیاریشە لەیادی کیمیابارنکردن و جینۆسایدکردنی بالیسان و شێخ وەسان کە سبەینێ بەڕێوەدەچێت ژمارەیەك لەنەمامی زەیتون بچێنرێت و پێشانگایەکی شێوەکاریش بکرێتەوەو چەند داواکارییەکیش پێشکەشی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت لەوانە ئەو ٦٣ بریندارەی بالیسان وەکو شوێنەکانی تری کوردستان مینحەو مووچەیان بدرێتێ لەکاتێکدا چەند مانگێکە لەسنووری سلێمانی مووچەکە وەردەگیرێت.

لەرووی کەرتی پەروەردەشەوە کە ژمارەی قوتابیانمان ٨٠٠ قوتابییە بۆ چارەسەرکردنی دووری بینایەی قوتابخانەکان چەند کۆستەرێك قوتابییەکان هاتوچۆ پێ دەکات، لە ڕێگای پەروەردەی شەقڵاوەشەوە قوتابخانەیەکی ١٨ پۆلی لەنزیك خانووەکان دروست دەکرێت کە هەر لە باخچەی ساوایانەوە تاکو قۆناغی ١٢لەخۆدەگرێت و منداڵانی هەموو ناحیەکەو سنوورەکە سوودی لێوەردەگرن و زۆر لە گرفتەکانی دووری بینایەی قوتابخانەکان چارەسەر دەبێت.

سەبارەت بەکەرتی تەندروستیش بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان وتی: نەخۆشخانەی بالیسان لەرووی پزیشك و میلاکات و دەرمان و چارەسەرییەکانەوە بەراورد بەساڵانی پێشوو باشترە، هەروەها هۆڵی لەدایکبوون لەنەخۆشخانەکەمان ئامادەیە تاوەکو چیتر دایکانی دووگیان روو لەناوچەکانی تر نەکەن و لە نەخۆشخانەی بالیسان چارەسەریان بۆ بکەین، بەڵام کەموکوڕی هەر دەمێنێت، چونکە بەگشتی کەرتی تەندروستی بەسیستەمێکی کۆن بەڕێوەدەچێت.